

# تۆپە ڕقێ...هۆنراوەی شاڵاو

ئەم ڕوبارە ڕاوەستێنن
بە بەر دەرگای ماڵەکەمدا تێ دەپەڕێ
لێی بپرسن ..بۆ کوێ دەچێ
منیش لەگەڵ دارچلێکی سەرئاو کەوتووی
شوێن ئاو کەوتوو
ڕێگا دەگرم
یان بە هەناسەی سەرخۆشی
بمخنکێنێ
یان لەگەل هاژەی ڕووباردا دەمرم ...

ئەو ڕووبارە سەرهەڵگرە
بێ سەروشوێن
تا ئاو مابێ ڕێگا دەگرێ
زۆر دڵنیام منیش بمرم
ئاو نامرێ

ڕۆژەکانی تەمەنی پڕ سووتانی من
وەکو ترێی ڕەشهەڵگەڕاو
دڵۆپ دڵۆپ
بۆ سەرخۆش بوونی عاشقێ

**دەبم بە فڕە ئارەقێ**

**من هیلاکیم ..**

**من یەکەم دڵۆپە مانگ و**

**دوایین خۆڵەمێشی دارستانێکی سووتاوم**

**من ئەو کەسەم**

**هەرچی دڕکی تووڕەیی بوو**

**هەمووم سوتاند**

**هەرچی نۆتەی گومان هەبوو**

**تێکم شکاند**

**هەمووم کرد بەپارچە  شیعرێ**

**خستمە بەر دەم تۆپە رقێ ...**